

# دەسترەنگینی نابینا

عمر عبدالرحیم

کات هەرکاتی خوایە ، سالْ سالْی ١٩٦٩ بوو ، لە گەلْ شێخ (یوسف)ی کوڕی خوا لێ خۆشبوو شێخ (عزیز)دا کۆتایی مانگی چوار بوو بۆ ڕاوە کەو ڕێمان کەوتە دێی (سەرکان) ، سەرکان چ سەرکانێك ؟ گوڵزاری (ئیرەم ، و باخی (ڕۆحەفزا) لە چاویا دیمەکارو بیابانێکی وشك‌و کرکایکرك بوون ، قبۆ قبۆی بەق‌و[1] گاسکەی ماکەو و فیتووی[2] نێرە کەوی غوبابی بن لارە سێبەری گا بەردەکان نەك دڵی مرۆڤ کە گۆشت‌و خوێنە دڵی (لات‌و عوززاو[3] مەنات) یشیان ئەهەژاندو دەیان خستە گوڕپە گوڕپ ، بەدەم لەرەو شنەوە دارگوێزو دار بی یەکان کە لق‌و پۆپە ناسکۆڵە کانیان لەیەك دەئالاند دەتگوت دڵدارو دڵبەرن‌و کوفتۆ کۆی دەروونی خۆیان دا ئەمرکێننەوە ، حەوز و ئاوی پیاوان ئاوێنە بەندێك بوون ڕێبواری ماندوو دڵۆپە ئارەقەی سەر گۆنای خۆی تیا دەبینی . بەردە نوێژە سپی‌و بی‌گرێ‌و قۆرتەکان لەپەو روو کەوتبوون کڕنووشیان بۆ ئەو سروشتە دەبرد کە ئەم هەموو دیمەنە چاو ئەندازانەی بەم شوێنە بەخشیوە کێ لە ژیانیا سەری بە فەرزی خوادا نەدابوو بچوایەتە سەر ئەو حەوز و ئاوە ئارەزووی نوێژ کردنی دەکرد .

بە کورتی خۆمان کرد بە دیوەخانەکەی شێخ (عەبدوڵڵا)ی کوڕی شێخ (عەبدول)ی سەرکاندا پاش خۆش هاتنێکی‌وا کە لە هەنگوینی شەمەترێنکە شیرین ترو لە کاڵەکی مەرەنگی بە تامتر بوو ، کاتێکم زانی (عەلی) چایچی بە خۆی‌و یەك سینی چاوە خۆی کرد بە ژووردا (پیاڵەی زەرلی لەسەر ژێر پیاڵەیی گوڵ گوڵی کاشان ، بەکەوچکی زەردی لاجان‌و تورچان ، کەوتنە گۆرانی‌و مۆزیقا لێدان) قسەی خۆشی شێخ (عەبدوڵڵا)و ئاغدی‌و نیانی شێخ (عەلی) برا گەورەی شەکەتی‌و ماندوێتی میوانیان دەرەواند .

لە کاتێکدا کە لە پەنجەرەی ژوورەکەوە بە زیزانەی چاو تەماشای دیمەنە دڵرفێنەکانی ناو ئاواییم ئەکرد .

هەرزەکارێکی شەنگ‌و شۆخ سەرنجی کەمەندکێش کردم بۆ لای خۆی ، چونکە بەلامەوە کاڵاو باڵایەکی سەیری

هەبوو : قاتێك کەواو سەڵتەی فاسۆنی لەبەردا بوو بە قردێلەیی فەقیانەکانی لە ناوەڕاستی قۆڵیدا بەستبوو ، بە پشتێنی شاڵو خەنجەری مشتو ماهی کەمەری خۆی رازاندبووە ، جووتێك کلاشی هەورامی ئەبوبەکری لە پێدابوو ، بە فیزێکەوە قەفەی گۆچانەکەی خستبووە ناو قۆڵی چەپیو بەسەر پردە دارینە باریکەکەی ئەو چەمەدا کە ئاوایی ئەکرد بە دوو بەشەوە پەڕییەوەو ڕووەو ئێمە دەهات زۆری نەخایاند گەیشتە هەیوانی بەر ژوورەکە پێڵاوەکانی داکەند خۆی کرد بە ژووردا ، سەلامێکی کردو هەر بەپێوە خۆش هاتنێکی گەرمی کردین ، منیش وەك تینووی ئاوی نەمری خێرا نیگایەکم ئاراستەی قاچو قولی کرد هەتا تەوق سەری ، خۆزگە ئەو نیگایەم ئاراستە نەکردایە ، دوو چاوە پووکاوە شینەکانی وەك ئافرەتێکی باسك خڕو خۆڵی مەچەك قەویو قۆڵ هەستی بەزەیییان گوشیمو تەرییان لێبری ، بە کورتی بەرامبەرمان دانیشتو ئێمەش خۆش هاتنمان کرد ، بەڵێ ڕازی قسە دابەستراو سەرە کلافەی ئاخاوتن کرایەوە ، لە میانەی قسەکردندا شێخ (عەبدوڵڵا) رووی کردە منو گوتی :ــ

— مامۆستا ، حەز ئەکەم بە تەواوی ئەم مەلا (سلێمان)ەت پێ بناسێنم ، ئەم مەلا (سلێمان)ە ، یەکێکە وەکوو مەلا (حەمدوون)ی نابینا کە چامە هەرە بەنرخەکەی بۆ شەڕی جیهانی یەکەم گوتووە تەنیا ئەوەندە هەیە ئەم شاعیر نییە ، ئەم دەست ڕەنگینو بەهرەمەندە .

— بەڵێ ڕاستە (خوا کەندێك ئەڕووخێنیو کەندەلانێکی پێ پڕ ئەکاتەوە) چاوی لەم جۆرە مرۆڤانە سەندۆتەوە بەڵام دەقات زیرەکی پێ بەخشیون .

لێرەدا مەلا (سلێمان) قسەی پێ بڕیمو گوتی :

— سوپاس بۆ یەزدانی مەزن هیچ جیاوازییەکم لەگەڵ مرۆڤی چاو ساغدا نییە ، ئەو ئەتوانێ بە ڕێگادا بڕواو منیش ئەتوانم ئەم شاخو داخانەت بۆ تەی بکەمو بە ئارەزووی خۆم گەشتو گوزاریان تیا بکەم ، تەنانەت ئەزانم بواری ئاوەکان لە کویێدان ، ئەوە شێخ (عەبدوڵڵا) دانیشتووە ، شەوی وابووە بۆ کاروباری تایبەتی خۆم بەتەنیا بەناو ئەم هەموو دارو دەوەنو گا بەردانەدا چووم بۆ دێی (هەزرەلە)و هەر ئەو شەوەش گەڕاومەتەوە بۆ (سەرکان) .

سوپاس بۆ یەزدان چاو ساغ ئەتوانێ نیشان بەنگێوێ منیش لەو کەمتر نیم ، حەز ئەکەیت گرەو ئەکەین لەسەر دە دینار کەوەکەتم لە دووری چل هەنگاوەوە بۆ دابنێ بە مەرجێ کەوەکەت بخوێنێ وەیان دەنگی لێوە بێ ئەگەر بە یەك فیشەکی دەمانچە لە ناو قەفەزەکەدا نەم کرد بە سیپاڵ ئەوا من دە دینار ئەدەم بە تۆ ئەگەر کوشتیشم ئەبێ تۆ دە دینار بدەی بە من . من ئیستێکم گرتو سەرم هەڵبڕی شێخ (عەبدوڵڵا) چاوێکی لێ داگرتم ، واتە نەکەیت ، خێرا کەوتمە پاشەکشێو گوتم :

— مامۆستا گیان من کەوەکەم دە دینارم پێداوە تۆ بیشی کوژیتو دە دیناریشم لێ بستێنی قازانج سەری مایە ئەخوا ، بە خوا باوکم گرەوی وا ناکەم ، کۆمەڵ هەموو دەستیان کرد بە قاقای پێکەنینو کۆتاییان بەم باسە هێناو دەستە دووی قسەو باسیان بەلایەکی تردا وەرچەرخاند ، پاش ماوەیەك دانیشتوان یەکە یەکەو دوو دوو بلاوەیان لێ کرد ، مەلا (سلێمان)یش چووەوە بۆ ماڵی خۆیان ، بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ شێخ (عەبدوڵڵا) منو شێخ (یوسف)ی بردەوە بۆ ماڵی خۆیان ، لە ژوورێکی پڕ فەرش کراودا دانیشتین پەنجەرەیەکی تیا بوو ئەیڕوانی بەسەر باخو دێبەرەکانی ناو ئاواییدا ، کەنتۆرێك لە ناوەڕاستی دوو دۆلابدا دانرابوو ، بە دەم نان خواردنو قسەکردنەوە شێخ (عەبدوڵڵا) گوتی :

— مامۆستا ، ئەو کەنتۆرو دۆلابانەت بە دڵە ؟

— پیرۆزبێ زۆر جوانن .

— ئایا ئەزانیت دەستکردی کێن ؟

— لە دەست کردی (عەبەی عومەر) دەچن .

— نەخێر بۆی نەچوویت ، دەستکردی مەلا (سلێمان)ن . کە گوێی مەلا (سلێمان) تاسێك بە تەوق سەرمدا هاتو لە پەنجەی

پێمەوە دەرچوو .

– مەلا (سلێمان) ! . . . . مەلا (سلێمان) ! . . . .

دەك هەزار چاو ساغی بێ کارەو تەوەزلت لە دەور گەڕێ ، تو خوا کام چاو ساغ ئەتوانێ بۆ ماوەیەك چەکوش کاری بکاو چەکوش پەنجە کەڵەو قامکی ماچ نەکات ! . .

کام چاو ساغ ئەتوانێ گۆشەی ٩٠ پلەکی کەنتۆرو دۆلاب بە مشار دابهێنێو بە موو زیادو کەمی نەبێ ! . . دوای نان خواردنو دەمو دەست شتن بەدەم چا خواردنەوە شێخ (عەبدوڵلا) گوتی :

– جارێکیان ئەم مەلا (سلێمان)ە لە ژێر کەپرەکەی باوکما دانیشتبوو ، رادیوکەی باوکمی بە دەستەوە بوو لیّ ی ئەدا ، منیش بە ئەسپایی لە پشتییەوە هاتمو پەنجەیەکم ژەن لە کلاو جامانەکەیەوە ، گوتی :

– مەکە ، کاکە عەبە .

جاری دووەم پەنجەیەکی ترم تێوە ژەند ، گوتی :

– تووڕەم مەکە ، کاکە عەبە ، ئەزانم تۆیت .

جاری سێیەم پەنجەم لە کلاوە جامانەکەیەوە ژەندەوە رادیۆیەکەی هەڵداو دای بە دەستەکی دارە ڕای کەپرەکەدا ، رادیۆ پارچە بوو ، هەر پارچەیەی رووی کردە لایەك ، ئەمجا گوتی :

– باشە ، کاکە عەبە ، ئاوا منت شەرمەساری لای باوکت کرد ، خێرا پارچەکانم بۆ کۆ بکەرەوە و بۆم بخەرە سەر ئەم دەستە سرە دەستە سرەکەی ڕاخست و بە هەردووکمان پارچەکانمان کۆ کردەوە دوای ئەمە گوتی :

– دەبڕۆ لە تاقی دەستە ڕاستی هەیوانەکەی ماڵی خۆماندا لوولەیەك سیکۆتین هەیە بۆمی بهێنە .

شێخ (عەبدوڵلا) گوتی :

– بەپەلە چووم سیکۆتینەکەم بۆ هێناو گەڕامەوە لە دوورەوە گوێم لە دەنگی ڕادیوکە بوو لە ژێر کەپرەکەی باوکمدا ، مەلا (سلێمان) رادیوکەی چاك کرد بووەو گرمەی دەهات ، بە سیکۆتین پارچە پارچەکانی بۆدیکەشی بەیەکەوە لکاندەوەو ، هەتا باوکم کۆچی دوایی کرد هەستی پێ نەکردووە کە بۆدی رادیۆکە شکاوەو چاك کراوەتەوە .

## (کورتەیەك لە ژیانی مەلا (سلێمان)

ئەم بلیمەتەمان لە ساڵی ١٩٤٢ی زاینیدالە هاوینە هەواری بیارۆك لە ناوچەی (تاوەگۆزی) لە دایك بووە ، باوکی ناوی (سیدکریم) بووە ، لە ساڵی ١٩٤٩دا بەگرانەتێ هەر دوو چاوی کوێر بووە ، لە ساڵی ١٩٥٠دا هاتووە بۆ سلێمانیو لە مزگەوتی گەورە بە چوار ساڵ قورئانی بە ڕێكو پێکی لەبەر کردووە ، تەبیعەتی نەیهێناوە سواڵ بکاو دەقنەی ماڵان کۆ بکاتەوە ، لە ساڵی ١٩٥٥دا چووەتە سەرکان بۆ ئەمەی قورئان بۆ مردووەکانیان بخوێنێو هەر لە ماڵەکەی خۆشیدا دووکانێکی داناوە شەکرو چاو سابوونو قامیشە جگەرەو پێویستی تری تیا فرۆشتووە ، لە ساڵی ١٩٦٧دا ژنی هێناوە و خێزانەکەی خەڵکی (دەشـــتی خەرمـــان)ەو لە بەرەی (صالح حیدر)ە لە زماندا عەرەبیو کوردی دەزانێ . ئەمانەش هەندێك لە قسەکانی خۆیەتی کە بۆی تۆمار کردووم :

(دارتاشی بە باشی دەزانم ، ڕادیوو تۆمارکەر چاك دەکەمەوە شووشەی پەنجەرەی خانوو تێ دەگرم ، بلّند گۆی ئەم مزگەوتانەم داناوە : مزگەوتی (دارەبەن ، بەرزنجە ، نەوێ ، قاینەجە ، مۆریاس ، سەیدصادق هەر چوار مزگەوتەکەی ، حاجیمامەند ، بایانە) ئێستاش نیشتەجێی شاری سلێمانییە .

دوا وشەم :

سوپاس بۆ کاك محمدی شێخ جلال کە کورتەیەك لە ژیانەکەی مامۆستا (مەلاسلێمان)ی بۆ تۆمار کردووم .

(لێکدانەوەی هەندێك ووشە)

(١) – بەق : تێرەکەو

(٢) – فیتوو : کاتێك لە بەهاراندا تێرەکەو غوباب دەبێ دەنگێکی لێوە دێ دەڵێ (ویت) بەمە دەڵێن (فیتوو) .

(٣) – لات،عوز ،او مەنات :سێ بت بوون کەلەقورئانی پیرۆزدا ناویان هاتووە .